**بەش** ڕاگەیاندن

**کۆلێژ** ئاداب

زانکۆ سەلاحەدین

بابەت: پڕوپاگەندە و جەنگی دەروونی

**پەرتووکی کۆرس – بۆ نموونە (ساڵی2)**

**ناوی مامۆستا د .ئازاد عبدالعزیز محمد**

**ساڵی خوێندن: 2023/2022**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | پڕوپاگەندە و جەنگی دەروونی |
| **2. ناوی مامۆستای بەر پرس** | ئازاد عبدالعزیز محمد |
| **3. بەش/ کۆلێژ** | ڕاگەیاندن/ ئاداب |
| **4. پەیوەندی** | **ئیمێل:**<br>Azad.mohammed1@su.edu.krd<br>**ژمارەی تەلەفۆن (بەپەی ئارەزوو): 07504493630** |
| **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | **بۆ نموونە تیۆری: 4** |
| **6. ژمارەی کارکردن** | **چوار(4) ساعات** |
| **7. کۆدی کۆرس** | |

| | |
|---|---|
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | لێرە مامۆستای وانەبێژ پرۆفایەلێک دەنووسێت لەسەر ژیانی ئەکادیمی خۆی (تەنها ئەکادیمی) یان ئاماژە بەWebpage، Blog، Moodle دەکات<br><br>ئازاد عبدالعزیز محمد لە ساڵی 1975لە گۆندی گۆیزێ کە دەکەوێتە دەڤەری مزوری باڵا چاوی بە دونیا هەڵێناوە. لە ساڵی 1977 حکومەتی بەعس گوازراونەتەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ بەحرکە کە ئێستا بۆتە شارۆچکە(ناحیە)، دەسپێکی خوێندن واتە خوێندی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لە شارۆچکەی ناوبراوە تەواو کردووە.<br>دوای ئەوە لە ساڵی 1995 لە زانکۆی سەلاحەدین لە کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی کوردی وەرگیراوە، لە ساڵی 1999 تەواوی کردووەو بڕوانامەی بەکلۆریوس لە زمان و ئەدەبیاتی کوردی بەدەستهێناوە. لە ساڵی 2000 لە دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی کاری کردووە تاوەکو ساڵی 2012، بەڵام بەهۆی سەرقالی وازی لە دەزگا هێناوە.<br>لە ساڵی 2006 لە کولیژی ئەدەبیات لە بەشی راگەیاندن وەك قوتابی وەرگیراوە لە ساڵی 2010 بڕوانامەی بەکلۆریوس لە بواری راگەیاندنی بە دەستهێناو، لە ساڵی 2014 بڕوانامەی ماستەر لە بواری راگەیاندنی ئەلیکترۆنیم لە بەشی راگەیاندن، کولیژی ئەدەبیان لە زانکۆ سەلاحەدین بەدەستهێناوە، لە ساڵی 2022 بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستهێناوە، ئێستاش وەك مامۆستا لەو بەشە وانە دەڵێمەوە. هەروەها ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە. |
| 9. وشە سەرەکییەکان | پروپاگەندە، جەنگی دەروونی، دەنگۆ، جەنگی زانیاری، تەکنەلۆژیای زانیاری. |

### 10. *ناوەرۆکی گشتی کۆرس:*

لێرەدا گرنگیدان بە وانەی پروپاگەندە و جەنگی دەروونی خوێندنی وەك کورس، نوێترین تێروانینە تیۆرییەکان لەوبارەوە دەخاتەڕوو، ئەمە وەك پێداویستییەکی ئەکادیمی و هەم پیشەییشە بۆ قوتابیان کە زانیارییەکی باشیان وەك لایەنی تیۆری زانیاری لەسەر ئەم بابەتە وەربگرن.

ئەم وانەیە کە لەم کورسەدا دەخوێندرێت، تیشك دەخاتە سەر گرنگترین بابەتەکانی پروپاگەندەو جەنگی دەروونی، کە بەشێوەیەکی زانستی بابەتەکانی دابەشی چەندین ناونیشانکراون. وەك چەمك و پێناسەی جەنگی دەروونی، ئامانجەکان، ئامراز و هەنگاوەکانی جەنگی دەروونی. هەروەها ئاماژە بەو هەنگاوانەش کراون کە چۆن بتوانین هەمبەر جەنگی دەروونی و پروپاگەندە رابوستین و میکانیزمەکانی بگرینە بەر. جگە لەم بابەتانە تەکنەلۆژیای زانیاری وەك مژارێکی نوێ کە پەیوەستە بەم بوارە خراوەتەروو.

### 11. ئامانجەکانی کۆرس

**قوتابیان شارەزایی و زانیارییان هەبێ لەسەر بایەخ و گرنگی پرۆپاگەندەو جەنگی دەروونی و دەرهاوێشتەکانی کە ئەمرۆ لە بواری گەیاندنی زانیاری شوێن و جێگای ئامرازەکانی دیکەی جەنگی ئەگەر هەمووشی نەبێ تارادەکی باش گرتوتەوە. گرنگترین ئامانجەکانی ئەم وانەیە:**

1- **ئاشناکردنی قوتابیان بە زانستی پروپاگەندەو جەنگی دەروونی میدیایی.**
2- **شارەزایی بوونی قوتابیان لە گرنگی و ئامانجەکانی پروپاگەندەو جەنگی دەروونی میدیایی.**
3- **وەرگتنی زانیاری بە شێوەیەکی گشتی لەسەر پروپاگەندەو جەنگی دەروونی میدیایی، کە بە شێوەیەکی زانستی خراوەتەڕوو.**

### 12. ئەرکەکانی قوتابی

لێرە ئەرك و بەرپرسیارێتی قوتابی خوێندكار سەبارەت بە كۆرسەكە پێویستە لە تەواوی وانەكان ئامادەبوونی هەبێت، چونكە ئامادەنەبوونی وا لە قوتابی دەكات لە وانەكە دابڕێت و ئەمەش كاریگەریی لەسەر قوتابی دروست دەكات، لە كاتی لە تاقیكردنەوەكاندا، هەروەها ئەو داوا كاریانەی لە مامۆستا بە قوتابیان دەسپێردێت وەك سیمینار و كویز و نووسین راپۆرت و وتار نووسین... هتد.

**13.** ڕێگەی وانە ووتنەوە **ئێمە بۆ وانە وتنەوە، پشت بە داتاشۆ و پاوەرپۆینت و تەختەی سپی دەبەستین**

**14.** سیستەمی هەڵسەنگاندن

**ئێمە بۆ دابەشكردنی نمرەكان بەم شێوەیە نمرەكان دابەشدەكەین تاقیكردنەوەی میتێرم، كویز و هەروەها سیمینار و راپۆرت دروست كردن لە لایەن قوتابییەوە**

**15.** دەرئەنجامەكانی فێربوون

ئەم ماددەیە یەكێكە لە ماددە گرنگەكانی بەشی ڕاگەیاندن، پێویستییەكی زۆری قوتابیانی ئەم بەشە بەدی دێنێت، لەوەی كەوا زانیاری دروست و پێویستیان لە بارەی هەر یەكە لە پرۆپاگەندە و جەنگی دەروونی بە یەكەوە دەخاتە بەر دەست.

**16.** لیستی سەرچاوە

## سەرچاوە بنەڕەتییەكان


**1**– كەمال فاروق و محمد عەبدوللا كەلاری" دەروونناسی میدیایی، خانەی موكریانی بۆ چاپ و بلاوكردنەوە" هەولێر، **2013**.

**2**– د. ئاراس فەریق زەینەڵ، جەنگی دەروونی، كتێبی ڕووناكبیری، سلێمانی، 2011.

3– د. بطرس الحلاق، الاعلام والحرب النفسي، من منشورات الجامعة الافتراضية السورية، سورية 2020.

4–د. مصطفى يوسف كافي، الاعلام الحربي بين الدعاية والشائعة والحرب النفسية، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان، 2016.

5– سامية ابو النصر، الاعلام والعمليات النفسية في ظل الحروب المعاصرة واستراتيجية المواجهة، دار النشر للجامعات، القاهرة.، 2016.

6– د. فهمي النجار، الحرب النفسية، دار الفضيلة، الرياض، 2018.

7– عبده علي عبدالله البحش، الحرب النفسية الامريكية، دار الكتاب الثقافي، اربد، 2005.

8– د. حيدر احمد القطبي، الدبلوماسية الشعبية : بين الإعلام والدعاية والحرب النفسية، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان، 2013.


## سەرچاوەی سوودبەخش


1– هەژار حەكیم، پەیامنێری جەنگی، چاپخانەی بریار، سلێمانی، 2018.

2– د. نشات الاقطش، الدعاية الاعلامية، منشورات الوطن، فلسطين، 1999.

3- د. حازم الحمداني، الإعلام الحربي والعسكري، دار اسامة للنشر والتوزيع، عمان، 2015.


| 17. بابەتەكان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **پێرستی وانەكان**<br>– **هەفتەی یەكەم: جەنگی دەروونی و ئامرازەكانی میدیا**<br>– **پێناسەی جەنگی دەروونی**<br>– **ئامانجەكانی جەنگی دەروونی:**<br>**ا- ئامانجە ستراتیژییەكان** | ناوی مامۆستا:<br>ئازاد عبدالعزیز محمد |

| | |
|---|---|
| ب- ئامانجی تاکتیکی:<br><br>- هەفتەی دووەم:<br>- گرنگی جەنگی دەروونی<br>- ئامرازەکانی جەنگی دەروونی<br>- شێوەکانی جەنگی دەروونی<br>- هەفتەی سێیەم:<br>-هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی جەنگی دەروونی<br>- پێشنیازەکانی جێبەجێکردنی هەنگاوەکان<br><br>- هەفتەی چوارەم:<br>دیارترین ئامرازەکانی جەنگی دەروونی<br>- یەکەم: پڕوپاگەندە<br>- ئامانجەکانی پڕوپاگەندە<br>- پڕوپاگەندەی سیاسی<br>- هەفتەی پێنجەم : تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم.<br>- هەفتەی شەشەم:<br>جۆرەکانی پڕوپاگەندە:<br>- ئامرازەکانی پڕوپاگەندەی جەنگی دەروونی<br>- هۆکارەکانی سەرکەوتنی پڕوپاگەندە<br>- شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی پڕوپاگەندە<br><br>- هەفتەی حەوتەم:<br>دووەم: ئامرازی دەنگۆ<br>- جۆرەکانی دەنگۆ<br>- سیماکانی دەنگۆ<br>- هەفتەی هەشتەم:<br>-هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی دەنگۆ<br>- ئامانجەکانی دەنگۆ<br>- هەفتەی نویەم :<br>- تایبەتمەندییەکانی دەنگۆ | |

| | |
|---|---|
| - چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی دەنگۆ:<br>- **هەفتەی دەیەم**: سێیەم: ئامرازەکانی میدیاو جەنگی دەروونی:<br>: چوارەم: شتنەوەی مێشك:<br>- هەنگاوەکانی شتنەوەی مێشك<br>- پێنجەم: نوکتە و جەنگی دەروونی<br><br>- **هەفتەی یانزدە** : قوتابخانە میدیاییەکانی جەنگی دەروونی:<br>1. قوتابخانەی هزری میدیایی بۆرژوازی<br>2. قوتابخانەی هزری میدیایی شوێنکەوتوو<br>3. قوتابخانەی هزری میدیایی فریودەر<br>- **هەفتەی دوانزدەیەم** : جەنگی زانیاری<br>- رەگەزەکانی جەنگی زانیارییەکان:<br>1- جەنگی زانیاری هێرشبەرانە<br>2- - جەنگی زانیاری بەرگریکارانە<br><br>- **هەفتەی سێزدەیەم**: تەکنەلۆژیای زانیاری<br>- شوناسی کۆمەڵگەی زانیاری<br>- **هەفتەی چواردەیەم** - زانیاری.. ململانێی دوارۆژ<br>- **هەفتەی پازدەیەم** تاقیکردنەوەی وەرزی دووەم | |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | نيية |
| لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. | ناوی مامۆستا<br>وانەی پراکتیکی نییە |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**پ1: پێناسەی جەنگی دەروونی بکە؟ پاشان هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی جەنگی دەروونی بنووسە؟**

**پ2: مەبەست پرۆپاگەندە چییە؟ گرنگترین جۆرەکانی چین بخەروو؟**

وەڵام/ پ1: **جەنگی دەروونی**

جەنگی دەروونی، جەنگێکی تایبەت و ئاراستەکراوە بۆ کۆنترۆڵکردنی بنیادی دەروونیی تاکەکانی کۆمەڵگە بەپێی ئامراز و بنەما تیۆرییەکانی دەروونناسی، بە مەبەستی تێکدان و ڕووخاندنی هێزی بەرگریی ناوخۆیی و نەهێشتنی یەکانگیریی نیشتمانی.

**هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی جەنگی دەروونی:**

**1- دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئەو ئامرازەی بەکارهاتووەو، دیاریکردنی ئامانجەکانی ئایا بۆ پڕوپاگەندەیە یان دەنگۆیە یان سیخوڕیکردنە و، توخمەکانی چین و بنەماکانی کامانەن.**

2- خۆئامادەکردن بۆ چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەکەو دروستکردنی دژە پڕوپاگەندە بەسوودوەرگرتن لە زانستەکانی دەروونناسی و پسپۆرانیەوە.

3- دەستنیشانکردنی ئەو ئامرازانەی بەکاردێن بۆ بەرەنگاربوونەوە، لە ئامرازی بینین و بیستن و نوسراوو دیدارو فیستیڤاڵ و کۆڕو کۆبوونەوەو ...هتد.

4- دەسپێکردنی دژە هێرش بۆ لاوازکردنی پڕۆپاگەندەکانی بەرامبەر.

5- لەگەڵ بەدەستهێنانی ئەنجامی باش ئەگەر کەمیش بێ دەکرێ گەورە بکرێ، بۆ بەدەستهێنانی رای گشتی و بەدرۆخستنەوەی بەرامبەر.

وەڵامی پ2:

پڕوپاگەندە "بریتییە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری جیاواز لەوانەیە راست یان نیمچە راست بن، لەوانەشە درۆ بن، بەڵام لەڕاستیدا هەوڵێکی رێکخراوە بۆ کارتێکردن لە رای گشتی، لە رێگەی بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی میدیاوە کە گرنگترین سەرچاوەی کاریگەرن لە مەیدانی جەنگدا".

**جۆرەکانی پڕوپاگەندە:**

1- پڕوپاگەندەی ستراتیژی دژی گەلانی دوژمن بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی خۆ بەدەستەوەدان و بێزاربوون.

2- پڕوپاگەندەی تاکتیکی دژی هێزە چەکدارەکانی دوژمن بۆ بڵاوکردنەوەی گیانی رووخان.

3- پڕوپاگەندەی تایبەت: ئاراستەی وڵاتانی بێلایەن دەکرێت, بەمەبەستی بەدەستهێنانی لایەنگیرییان.

4- پڕوپاگەندەی سپی: پڕوپاگەندەی راشکاوی ئاشکرایە و سەرچاوەکەی زانراوە، دەوڵەت بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرێ و سەرجەم ئامرازەکانی میدیا بەکار دەهێنرێ.

5- پڕوپاگەندەی رەش: لە پڕوپاگەندەی رەش سەرچاوو وردبینی زانیاریەکان روون نین. لەو پڕوپاگەندەدا هەمەجۆرە تەحریف بەکار دێت. زۆر یەك لە ئامرازەکانی راگەیاندن لە کاتی جەنگدا لەو جۆرە پڕوپاگەندە کەڵك وەردەگرن. بۆ نموونە پڕوپاگەندەی دەزگاکانی راگەیاندنی داگیرکەرانی کوردستان دژی ئەپۆزسیۆنەکانی وڵاتەکانیان جۆرێك لە پڕوپاگەندەی رەش هەژمار دەکرێت.

6- پڕوپاگەندەی خۆڵەمێشی: پڕوپاگەندەیەکە سەرچاوەکەی نەزانراوەو لەنێوان ئاشکرایی و نهێنیدایە.

**20. تێبینی تر**

لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی.

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.

هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبێت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.